دیمانە: گازان کانەبی

ئەسیل ئەمجەد

یاریزانی شەترەنجی یانەی دهۆک:

# بەکردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانانی تەمەن بچووک یاری شەترەنج زیاتر پێش دەکەوێت

**شــاری دهۆك هەمیشــە لانەی پێگەیاندنی یاریزانانی بەتوانای یاری شەترەنج بووە لەسەر ئاستی عێراق و کوردســتان، چەندین یاریزانی بەناوبانگیشی دروســت کردووە، یەکێك لەمانەش یاریزان ئەسیل ئەمجەد-ە کە لەدایکبووی ســاڵی ١٩٩١ی شاری دهۆکە، ناوبراو قوتابیی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لەقۆناغی ســێیەم، خاوەنی چەندین ئەنجامی بەرچاوە لەســەر ئاستی کوردستان، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

***چۆن بوو ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- بەڕاســتی یاری شەترەنج یەکێکە لەیارییە خۆشەکان و یارییەکی زانستییە، کە بەیاری کەســی گــەورە ناوبانگی هەیــە، ئێمەش لەخێزانێکی وەرزشوانانین کە هەمووومان حەز و خولیامان ئەو یاریەیە بۆیە هەڵمبژارد.

***ئاســتی ئــەم یارییــە چــۆن دەبینــی لەکوردستان؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەشــارەکانی کوردستان بەرەوپێشــچوونی باشــی بەخۆیەوە بینیوە، بەتایبەتی لەئاستی کچان چەندین یاریزانی بەتوانا دروست بوونە، کەدەتوانن لەئاییندەیەکی نزیکدا لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی ئاست و ئەنجامیــان هەبێت، ئێســتا گرنگی زۆر بەتیپی کچان دەدرێت.

***لەشاری دهۆك بەتایبەتی لەچ ئاستێکە؟**

-شــاری دهۆك لەمێــژە هــەر ناوبانگی بەیاری شەترەنج دەکردووە، چەندین یاریزانی بەتوانامان هەیە کە ئەنجامیان بەرچاوە لەسەر ئاســتی وڵاتانی عەرەبی و عێراق، هەوڵیش دەدەین هەر بەپێشــەنگی بمێنینەوە و سەری شاری دهۆك بەرزکەینەوە.

***بۆچی کچان لەئێستادا کــەم دەبینرێــن لە یــا ری شەترەنج؟**

-ئەوەی ڕاســتی بێت گەلێك هۆکار هەیە کە وای لەکچە وەرزشــکارەکان کردووە کە لەوەرزش دووربکەوێتەوە، بەتایبەتی ڕێگری کردن لەلایــەن خێزانەکانیان یاخود لەڕووی کۆمەڵگەوە هێشــتا کچ ئــازاد نەبووە کە ســەربەخۆ وەرزش بکات. یارییەکی گرانە هەموو کچێك ناتوانــێ ئەم یارییە ئەنجام بدات.

***کێشەو گرفتان لەیاری شەترەنج چییە؟**

-هیچ کێشەیەکمان نییە.

***یانەی دهۆك وەکو پێویســت هاوکاریتان دەکات؟**

-بەڵێ هاوکاریمان دەکەن، ئێمەش خۆشمان بۆخۆمان هەوڵی بەرەو پێشچوونی خۆمان دەدەین لەم یارییە بۆئەوەی خۆمان ئاستی خۆمان پێش بخەین.

***لەهەڵبــژاردەی عێــراق بانگهێشــت نەکراوی؟**

- تا ئێستا نەخێر، بەڵام هەوڵدەدەم لەداهاتوو ببمە یەکێك لەیاریزانەکانــی هەڵبژاردەی شەترەنجی عێراقی.

***هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەهیوای ئەوەم وەکو کچە وەرزشــکارێکی کورد بتوانم لەخولێکی نێودەوڵەتی بەشداری بکەم و ئەنجامێکی شایستە لەسەر وڵاتانی ئاسیا بەدەست بهێنم.

***بۆپێشــکەوتنی ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

-کردنــەوەی قوتابخانــەی پێگەیاندنــی یاریزانانــی تەمــەن بچووك بــۆ ئەوەی ئەم یارییــە زیاتر پێشــبکەوێت، گرنگی بەکردنــەوەی هۆڵی تایبەت بــەم یارییە لەگشت شارەکانی عێراق بدرێت.

***داوکاری و پێشــنیارت بۆلایەنــی بەرپرس؟**

- بەهیوای ئەوەم لایەنی بەرپرس گرنگی زیاتر بەکچان بدەن، یاری شەترەنج ببێتە یارییەکی گرنگ وخزمەتی زیاتری ئەم یارییە بکرێت لەشارەکانی کوردستان.

***ئەگەر شتێکت ماوە لەکۆتاییدا؟**

-ســوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بەکچە وەرزشکارەکانی شارەکانی کوردستان بدەن.



## زەینەب حەسەن یاریزانی پێشمەرگەی هەولێر:

# یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بایەخ بەیاریزانانی شاری بەغداد دەدەن و دژایەتی یاریزانانی کوردستان دەکەن

**زەینەب حەسەن لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ـە و یاریزانی یانەی پێشمەرگەی هەولێرە، ئەم یاریزانە تازەپێگەیشتووە دوارِۆژێکی گەش چاوەڕوانی دەکات کە توانی لەماوەیەکی کورتدا بوونی خۆی بسەلمێنێت لەنێو یاری گۆڕەپان و مەیدان دوای ئەوەی ئاستێکی بەرزی لەیارییەکانی بازدانی بەرز و یەك باز نیشاندا.**

**ئەم کچە یاریزانە قوتابی پۆلی دووەمی ناوەندییە و تەنیا لەیانەی سەرچنار یاری کردووە، دواتر پێوەندی بەیانەی پێشمەرگەی هەولێر کردووە، توانی لەگەڵ یانەی پێشمەرگەی هەولێر نازناوی کوردستان و هەڵبژاردەی پارێزگاکانی کوردستان و هەڵبژاردەی پارێزگاکانی عێراق لەبازدانی بەرز لەئاستی تازە پێگەیشتووان پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت، بەپێویستمان زانی لەنزیکەوە ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

***بۆچی یاری گۆڕەپان و مەیدانت هەڵبژارد؟**

- لەمنداڵییەوە حەز بەیاری گۆڕەپان و مەیدان دەکەم، بەڵام ڕاهێنەرکەم یاری بازی بەرزی بۆ دەستنیشان کردم و حەز دەکەم گەمە و ئاستی یاریزانی بەناوبانگی جیهانی لەبازی بەرز بلانکا-ی کرواتی.

*** تا چەند بایەخ بەیاری گۆڕەپان و مەیدان دەدرێت؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت لەعێراق هیچ شتێك دابین ناکرێت، ئەگەر ئێمە لەدەرەوەی عێراق بین، ئەوە زیاتر بایەخمان پێ دەدەن و دەتوانین ئەنجامی باشتر بەدەستبهێنین، بەڵام لەکوردستان بەبۆچوونی خۆم گرنگی باش بەیاری گۆڕەپان و مەیدان دەدرێت.

*** ئایا بایەخ بەوەرزشی ئافرەتان دەدرێت؟**

- ئەگەر جیاوازی نێوان عێراق و وڵاتانی دراوسی بکەین، ئەوە جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە، چونکە لەوڵاتانی کەنداو و لوبنان و سوریا گرنگیەکی زۆر بەوەرزشی ئافرەتان دەدەن، کەچی لەعێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دوا دەکەوێت.

*** تا چەند دایك و باوکت پشتگیریت دەکەن بۆ ئەوەی وەرزش بکەیت؟**

- لەسەرەتا باوکم ڕازی نەبوو ببمە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدان، بەڵام کاتێك کە سەیری ئاستی منی کرد کە بینیان ئاستم بەرزە، ئینجا ڕێگەیان دا وەرزش بکەم و یارمەتیەکی باشم دەدەن بۆ ئەوەی لەوەرزش بەردەوام بم و زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** تا چەند وەرزش کاریگەری لەسەر خوێندنت کردووە؟**

- کاریگەری زۆری لێکردووە، چونکە من زیاتر گرنگی بەوەرزش دەدەم نەوەك خوێندن و بەبێ وەرزش ناتوانم، چونکە لەگەڵ جەستم تێکەڵ بووە، بەڵام دەبێت سوپاسی قوتابخانەکەم بکەم، کە ڕێگەم دەدەن لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوەی کوردستان یاخود لەشارەکانی تر بەشداری بکەم و هاوکاریم دەکەن.

*** بۆچی یانەی پێشمەرگەی هەولێرت هەڵبژارد؟**

- چونکە هەستم کرد لەیانەی پێشمەرگەی هەولێر دەگەمە لووتکە، چونکە هەموو شتێکمان بۆ دابین دەکەن، چاوەڕوانی ئەم شتەم لەم یانەیە نەدەکرد، بەڵام کە پێوەندیمان پێوە کرد زۆر گرنگیان پێداین و لەهەمووی گرنکتر ئێمە لەیانەی پێشمەرگەی هەولێر یاریزان و ڕاهێنەرەکان یەك خێزانین، چونکە یاریزانەکان نور حەسەن و شێنی عەزیز و دلسۆز عوبێد و ڕۆژینە خالید و من وەکو خوشك لەگەڵ یەکتری مامەڵە دەکەین.

*** هیچ کێشەتان هەیە لەڕووی مەشق کردن؟**

- کێشەیەکی گەورەمان هەیە، ئەویش نەبوونی یاریگا بۆ مەشق کردنە، بەهۆی نەبوونی یاریگا لەپارك مەشقی خۆمان ئەنجام دەدین، بۆیە دەبێت چارەیەکی ئەم کێشەیە بکرێت.

*** بۆچی تا ئێستا بانگهێشتی هەڵبژاردەکانی عێراق نەکراوی؟**

- چونکە یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بایەخ بەیاریزانەکانی کوردستان نادات، تەنیا گرنگی بەکچە یاریزانەکانی شاری بەغداد دەدەن. بۆیە هەردەم ئەوان بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراق دەکرێن و بانگهێشتکردن بۆ هەڵبژاردەی عێراق هەموو لەڕێگەی پێوەندی تاکە کەسییە بەیاریزانەکان، ئەمەش کاریگەری لەسەر یاریزانەکانی کوردستان هەیە و دەبێتە هۆکاری دابەزینی ئاستیان، چونکە ئێمەش مافمان هەیە لەهەڵبژاردەی عێراق یاری بکەین.


*** جگە لەگۆڕەپان و مەیدان حەز لەچ وەرزشێك دەکەی؟**

- لەسەرەتا جگە لەگۆڕەپان و مەیدان تۆپی باڵەو تۆپی پێ-م ئەنجامداوە و حەزم لەیاری تۆپی باسکەیە و سەیری تۆپی پێ دەکەم و هانی یانەی ڕیال مەدرید دەدەم.

لەکۆتاییدا زەینەب حەسەن تەئکیدی لەوە کردەوە کە سیروان حامد ڕاهێنەری یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەوی دۆزیتەوە و گوتی: زۆر سوپاسی ڕاهێنەرەکەم سیروان حامد دەکەم، چونکە بایەخێکی زۆری پێدام و ئەو منی دۆزییەوە و زۆر سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەی پێشمەرگەی هەولێر دەکەم، چونکە بایەخێکی باشیان پێداین و پەنا بەخوا لە گشت پاڵەوانێتیەکان ناوی ئەم یانەیە بەرز ڕادەگرین.










# ساڵی ٢٠١١.. درەوشانەوەی جۆكۆڤ

ساڵی ٢٠١١ چەندین ڕووداوی وەرزشی تێدا تۆمارکرا، یانەی بەرشلۆنە جارێکی دیکە باڵادەستی خۆی لەیاریگاکانی تۆپی پێ دووپات کردەوە، ئەستێرەی نۆڤاك جۆكۆڤیچ لەیاریگاکانی تێنس درەوشاوە، بەڵام گرنگ ئەوە بوو سەرکەوتنەکانی ئەستێرەکانی وەرزش ئەوەی سەلماند ئەو دەسکەوتانە تەنیا لەلایەن مرۆڤەوە تۆمار کراوە و ئەگەری شکست و هەڵەی تێدا هەیە.
هەردوو ئەستێرەی جیهانی یۆساین بۆلت لەگۆڕەپان و مەیدان و مەلەزانی ئەمریکی مایکل فیلپیس وەك مرۆڤ بەدیارکەوتن و تووشی هەڵەی گەورە بوون و هەندێك نازناویان لەدەستدا، بەڵکو ئەوەیان سەلماند کە هەر یاریزانێك ئەگەر ئەستێرەش بێ لەوانەیە تووشی هەڵەو دۆڕاندن بێت، یاریزان بۆلت کە بەئەفسانەی گۆڕەپان و مەیدان ناسراوە لەیارییەکانی جامی جیهانی لەکۆریای باشوور تووشی شۆك هات کاتێك بەهۆی هەڵەی دەستپێکردنەوە لەڕاکردنی ١٠٠ مەتر دوور خرایەوە کە ئەو پاڵێوراو بوو بۆ پلەی یەکەم و تۆمارکردنی ڕیکۆردێکی تازەی جیهانی ئەوەش ڕێگای خۆشکرد بۆ هاوڵاتیەکەی یۆهان بلیك بۆ بەدەستهێنانی پلەی یەکەم و ئاگادارییەك بوو بۆ بۆلت کە دەکرێ ململانێی بکرێت لەئۆلۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢، بۆلت دواتر توانی پلەی یەکەم لەڕاکردنی ٢٠٠ مەتر و ٤ X ١٠٠ مەتر بەدەست بهێنێت.
ئەم حاڵەتە بەسەر مەلەزانی ئەمریکی مایکل فیلیپسیش هات کە ٨ میدالیای زێڕی لەئۆلۆمپیادی پەکین بەدەست هێنابوو، بەڵام لەجامی جیهانی ٢٠١١ تەنیا ٤ میدالیای زێڕی بەدەست هێنا، ئەوەش وای لێدەکات کە زیاتر خۆی ماندوو بکات بۆ ئۆلۆمپیادی لەندەن.

*** باڵادەستی یانەی بەرشلۆنە**

لەجیهانی تۆپی پێدا یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی باڵادەستی خۆی لەمەیدانەکاندا دووپاتکردەوە لەڕێگای ئەو ئاستە جوانەی کە پێشکەشی کردووە لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە تۆماری کردووە کە وایلێکرد ببێتە یەکێك لەباشترین تیپەکانی تۆپی پێ لەمێژوودا، ئەگەر باشترینیان نەبێت، یانەی بەرشلۆنە توانی لەیانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بباتەوە لەیاری کۆتایی چامپیونز لیگ لەیاریگای ویمبلی لەشاری لەندەن بەئەنجامی (٣-١) گۆڵ دوای ئەوەی لەقۆناغی پێش کۆتایی ڕکابەرە مێژووییەکەی یانەی ڕیال مەدریدی دوورخستەوە، بەرشلۆنە بەڕابەرایەتی ڕاهێنەر جۆسیب گواردیۆلا و ئەستێرەکانی وەك میسی و ژاڤی و ئەنیستا نازناوی مۆندیالی یانەکانی لەتۆکیۆ بەدەست هێنا کە تاکە یانەیە لەجیهان کە دووجار ئەم جامەی بەدەست هێناوە، جگە لەم دوو نازناوە یانەی بەرشلۆنە بۆ وەرزی سێیەم لەسەریەك بووە پاڵەوانی خولی ئیسپانیا و بەپێش یانەی ڕیال مەدرید کەوت، هەروەها هەردوو نازناوی جامی سوپەری ئەوروپا و سوپەری ئیسپانیای بەدەست هێنا.

*** گەندەڵی فیفا**

لەساڵی ٢٠١١ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) و دیاردەی گەندەڵی ناو ئەم ڕێکخراوە سەرنجی جیهانی بۆ خۆی ڕاکێشا، جۆزێف سیب پلاتەر بەئاسانی لەپۆستی سەرۆکی فیفا مایەوە دوای کشانەوەی ڕکابەرەکەی محەمەد بن هەمامی قەتەری پێش هەڵبژاردنەکان و دواتر بەتۆمەتی بەرتیل دانەوە تاوانبارکراو لەسەرجەم کارو چالاکییەکانی وەرزشی ڕاگیرا، ئەم کێشەیە گەورەترین کێشەی گەندەڵی وەرزشی ساڵی ٢٠١١ بوو لەگەڵ دیاردەی گەندەڵی و یاریکردن بەئەنجامی یارییەکان لەهەردوو خولی ئیتالیا و تورکیا.
هەواڵی خۆکوشتنی ڕاهێنەری هەڵبژادەی وێلز گاری سپید لەمانگی نۆڤەمبەری ڕابردوو ئەو ڕاستیەی دووپاتکردەوە کە فشارێکی یەکجار زۆر هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە لەبواری تۆپی پێ کار دەکەن بەتایبەتی کە خۆکوشتنی سپید لەدوای چەند ڕۆژێك





# ـــــیج.. باڵادەستی یانەی بەرشلۆنە

بوو لەهەوڵی خۆکوشتنی ناوبژیوانێکی ئەڵمانی، ڕاهێنەری یانەی شالکە ڕاڵف ڕانجینك بەهۆی ماندووبوون وازی لەکارەکەی هێنا لەو کاتەی هەندێك لەیاریزانانی تۆپی پێ لەلای پزیشکی دەروونی خۆیان لەبێزاری چارسەردەکرد.

* ئافرەتانی ژاپۆن و پیاوانی ئۆرگوای

لەگۆڕەپانی تۆپی پێی کیشوەری ئاسیا هەڵبژاردەی ژاپۆن جامی ئاسیای لەوڵاتی ژاپۆن بەدەست هێنا دوای بردنەوەی لەئوستورالیا، بەڵام هەڵبژاردەی ئافرەتانی ژاپۆن گەورەترین دەسکەوتیان تۆمار کرد کاتێك توانیان مۆندیالی ئافرەتان ببەنەوە لەوڵاتی ئەڵمانیا، لەکیشوەری ئەمریکای باشوور هەڵبژاردەی ئۆرگوای بەردەوام بوو لەئاست بەرزی و توانی کۆپا ئەمریکا بباتەوە لەمانگی تەمموزی ڕابردوو کە یارییەکانی لەئەرژەنتین بەڕێوەچوو.

لەئەوروپاش یانەی بەرشلۆنە بووە پاڵەوانی چامپیونز لیگ، یانەی پۆرتۆ بووە پاڵەوانی یۆرۆ لیگ دوای سەرکەوتنی بەسەر یانەی سپۆرتینگ براگا لەیاری کۆتایی کە هەردوو یانەکە پورتوگالی بوون، لەسەر ئاستی هەڵبژادەکانیش هەردوو هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ئەڵمانیا لەسەرجەم یارییەکانی پاڵاوتنی یۆرۆی ٢٠١٢ سەرکەوتنیان تۆمار کرد، بەڵام ئەڵمانیا لەیارییەکانی کۆتایی لەگروپی مردن یاری دەکات لەگەڵ هەڵبژاردەکانی هۆڵەندا و دانیمارك و پورتوگال.

* وەرزشی ئەڵمانیا

وەرزش و وەرزشوانانی ئەڵمانیا لەساڵی ٢٠١١ دەسکەوتی گەورەیان تۆمارکرد، یاریزانی باسکەی ئەڵمانی دیریك نۆفۆزکی ڕابەرایەتی تیپی دالاس ماڤرێکسی کرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولی باسکەی ئەمریکا (NBA)، هەروەها شۆفێری ئەڵمانی سبستیان ڤیتل کاروانێکی نمونەیی پێشکەش کرد لەپاڵەوانیەتی جامی لەپێشبڕکێی ئۆتۆمبیل جۆری فۆرمولا یەك و بۆ جاری دووەم لەسەریەك بووە پاڵەوانی جیهان، ئەو ئاستە بەرزە مەترسی لەلای هەواداران و لێپرسراوانی فۆرمولا یەك پەیدا کردووە کە ڤیتیل و تیپی ڕیدبۆل بۆ ماوەی چەندین ساڵ کۆنترۆلی جامی جیهانی دەکەن هەروەك چۆن مایکەل شوماخەری ئەڵمانی بۆ ٧ جار ئەم نازناوەی بەدەست هێنابوو.

* ئاست بەرزی جۆکۆڤیج

لەیاریگاکانی تێنسی سەر زەوی ساڵی ٢٠١١، ساڵی یاریزانی سڕبی نۆڤاك جۆکۆڤیج بوو دوای ئەوەی جوانترین ئاستی هونەری پێشکەشکرد و هاتە ڕیزبەندی یەکەمی باشترین یاریزانانی جیهان، جۆکۆڤیج توانی ١٠ نازناو بەدەست بهێنێت کە سێ نازناو لەپاڵەوانەتیە گەورەکان بوو کە بەگراند سلام ناسراوە کە نازناوی ئوستورالیا و ویمبلدون و ئەمریکای کراوە (فلاشینگ میدۆز) بوون، یاریزانی ئیسپانی ڕافاییل نادال نازناوی پاڵەوانیەتی ڕۆلان گارۆسی بەدەست هێنا، هەروەها نادال لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیا نازناوی جامی دیڤزی لەسەر ئاستی هەڵبژاردەکان بەدەستهێنا.

لەسەر ئاستی ئافرەتان کچە یاریزانی چیکی پیترا کیڤیتۆڤا پاڵەوانیەتی ویمبلدون و ماستەرزی کۆتایی ساڵی بەدەست هێنا و گەورەترین هەڕەشەیە لەسەر پۆلینکاری یەکەمی جیهان کچە یاریزانی دانیمارکی کارۆلین ڤۆزنیاکی کە نەیتوانی هیچ پاڵەوانتیەکی گەورە بەدەست بهێنێت.

لەیارییە وەرزشییەکانی دیکە یاریزانی بۆکسێنی ئەمریکی جۆ فریزەر کۆچی دوایی کرد، کادیل ئیڤانز بووە یەکەم پایسکسواری ئوستورالی کە نازناوی پاڵەوانیەتی فەرنسای کراوە (تۆر دو فرانس) بەدەست دەهێنێت، لەیاری باڵەش هەردوو هەڵبژاردەی ئیتالیا لەسەر ئاستی ئافرەتان و ڕووسیا لەسەر ئاستی پیاوان نازناوی جامی جیهانیان بەدەست هێنا.

سەرچاوە: ئاژانسی دەنگوباسی ئەڵمانیا




ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# گرنگترین ڕووداوە وەرزشییەکانی کوردستان لەسـ

ئا: ڕێبین ڕەمزی

دوای ئەوەی ماڵئاواییمان لەسـاڵی ٢٠١١ کرد، کە لەم سـاڵەدا چەندین ڕووداوی وەرزشـی گرنگمان بەدەستهێنا لەهەمان کاتدا چەندین ڕووداوی وەرزشی دڵتەزێـن هەبـوو، بەپێویسـتمان زانـی گرنکترین ڕووداوەکانی وەرزشی ساڵی ٢٠١١ بخەینە بەردەستی خوێنەران لەسەر ئاستی خولەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی عێـراق، کـە تایبەت دەبێـت بەیانەکانی کوردستان.

*یانەی هەولێر بۆ تۆپی پێ گەیشتە یاری کۆتایی خولی عێراق و پلەی دووەمی بەدەستهێنا.

* یانـەی هەولێر بۆ یەکەم جـار لەمێژووی خۆیدا گەیشتە چوارگۆشەی زێڕینی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ.

* یانـەی دهـۆك بۆ تۆپـی پێ بۆ یەکـەم جار لەمێژووی خۆیدا گەیشتە قۆناغی هەشتەمی جامی یەکێتی ئاسیا بۆ تۆپی پێ.

* یانـەی هەندرێن بۆ یەکەم جار لەمێـژووی خۆیدا بووە پاڵەوانی خولی کوردستان بۆ تۆپی پێ.

* لاوانـی یانەی سـلێمانی نازناوی خولی کوردستان بۆ تۆپی پێی بەدەستهێنا.

* تازەپێگەیشـتووانی هەولێـر نازناوی خولی کوردسـتان بۆ تۆپی پێ بەدەستهێنا.

* یانـەی زاخۆ بۆ یەکـەم جار لەمێژووی خۆیـدا جامـی کوردستان بۆ تۆپی پێ بەدەستهێنا.

* هەڵبژاردەی فۆ تسـا لی کچانی دهۆك بووە پاڵەوانی هەڵبژاردەکانی کوردستان.

* لاوانی شێروانە بووە پاڵەوانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان.

* یانـەی شـێروانە نازناوی خولـی پلەیەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێ بەدەستهێنا.

* تیپی فۆتسالی ئاشـتی سەرکەوت بۆ خولی پلە نایابەکانی عێراق.

* تیپی باسـکەی دهـۆك بـووە پاڵەوانی جامی سوپەری عێراق.

* تیپی باسـکەی دهۆك نازنـاوی خولی عێراقی بەدەستهێنا.

* تیپی باسکەی دهۆك نازناوی خولی کوردستان-ی بەدەستهێنا.

* تیپی باسکەی زاخۆ بووە پاڵەوانی جامی سوپەری کوردستان.

* تیپی باسـکەی کچانی سەنحاریب بووە پاڵەوانی خولی کوردستان.

* تیپی باسکەی کچانی ئەکاد بووە پاڵەوانی خولی عێراق.

* تیپی تۆپی دەستی سلێمانی نازناوی خولی نایابی کوردستانی بەدەستهێنا.

* تیپـی کچانی ئافرەتانی کەرکـوك بووە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستانی بۆ تۆپی دەست.

* تیپـی لاوانی دووز بـووە پاڵەوانـی خولی پلە نایابەکانی کوردسـتان بۆ تۆپی دەست لەسەر ئاستی لاوان.

* تیپی سلێمانی سەرکەوت بۆ خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ تۆپی دەست.

* تیپی تۆپی بالەی پێشـمەرگەی سـلێمانی بووە پاڵەوانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان.

* تیپی پێشکەوتووانی هەولێر بووە پاڵەوانی کوردستان بۆ پایسکلسواری.

* تیپی لاوانی سۆلاڤ بووە پاڵەوانی کوردستان بۆ پایسکلسواری.

* تیپی تازەپێگەیشـتووانی برایەتی بووە پاڵەوانی کوردستان بۆ پایسکلسواری.

* تیپی کچانی نەورۆز بووە پاڵەوانی کوردسـتان بۆ پایسلکسواری.

* تیپـی پێشـکەوتووانی هەولێر پلـەی دووەمی لەپاڵەوانێتی عێراق بۆ پایسکلسواری بەدەستهێنا.

* تیپی پێشـکەوتووانی هەولێر بەشداری لەشەشـەمین پاڵەوانێتـی یانەکانـی عەرەبی کرد لەوڵاتی ئیمارات بۆ پایسکلسواری.

* هەڵبژاردەی کچانی هەولێر بووە پاڵەوانی شارەکانی عێراق بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی.

* یاریزانـی تازەپێگەیشـتووانی یانـەی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراق عەبدولکەریم هاشم سێ ملوانکەی زێڕی لەپاڵەوانێتی ئاسیا بۆ بەرزکردنەوەی قورسایی بەدەستهێنا.

* تیپی گۆڕەپان و مەیدانی پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کچان.

* تیپی گۆڕەپان و مەیدانی پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاستی کوڕان.

* هەڵبـژاردەی کچانی سـلێمانی بـووە پاڵەوانی هەڵبژاردەکانی کوردسـتان بۆ گۆڕەپـان و مەیدان لەسەر ئاستی تازەپێگەیشتووان.

* تیپی گۆڕەپـان و مەیدانی هەولێر بووە پاڵەوانی یانەکانی شاری هەولێر بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کچان.

* هەڵبـژاردەی گۆڕەپـان و مەیدانی هەولێر پلەی سێیەمی لەپاڵەوانێتی پارێزگاکانی عێراق بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کچان بەدەستهێنا.

* یانەی سۆلاڤی نوێ و سـلێمانی بوونە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان بۆ بۆکسێن.

* یانەی هەندرێن بووە پاڵەوانی یانەکانی هەولێر بۆ شمشێربازی.

* یانەی قەڵای تورکمان بووە پاڵەوانی هێزی لەشی یانەکانی هەولێر.

* یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بووە پاڵەوانی یانەکانی









## ـــــالّی ٢٠١١

کوردستان بۆ بلیارد.

* یانەی ئـــارارات بووە پاڵەوانی یانەکانی شـــاری هەولێر بۆ بلیارد.

* یانەی ئەرمن بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردســـتان بۆ تایکواندۆ.

* هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و سلێمانی بەشدارییان لەپاڵەوانێتی یانەکانی عەرەب بۆ تێنسی سەرمێز کرد.

* کچانـــی پێشـــمەرگەی ســـلێمانی بەشـداری لەپاڵەوانێتـــی یانەکانـــی عەرەب کرد بۆ تێنســـی سەرمێز.

*یانەی بروســـك بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان بۆ لەشجوانی.

* کچانی دهۆك بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردســـتان بۆ تێنسی سەرزەوی.

* یانەی خانزاد لەســـەر ئاستی لاوان بووە پاڵەوانی عێراق بۆ یاری شەترەنج لەسەر ئاستی کوڕان.

* یانەی ســـەورە بووە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان بۆ جۆدۆ.

* کچانی پێشمەرگەی سلێمانی بووە پاڵەوانی عێراق بۆ یاری کاراتیی.

* کوڕە یاریزانی شـــاری هەولێر ئارپاك وریا و کچە یاریزانی شاری دهۆك دلین کەمال نازناوی پاڵەوانێتی یاریزانانی کورستانیان بەدەستهێنا لەیاری شەترەنج.

